# واتای ڕاستەقینەی ژیان

# واتای ڕاستەقینەی ژیان

## برام ... خوشکم

منیش وەك ئێوە هاوڕێیەتی زۆر کەسم کردووە لە ژیاندا ، هاوڕێم هەن لە خوێندنی قوتابخانە و زانکۆدا پێکەوە خوێندوومانە ، چەندین هاوەڵم هەیە لە کارەکەم ، هەریەکێك لەوان چاوی لەوە بوو ئێستاش هەر لە هەڵپەی ئەوەدایە ژیانێکی باشتری ببێت ، پارەی زۆرتر ، پلەی بەرزتر ، دەسەڵاتی گەورەتر ، لاریش نییە بۆ ناوبانگی زیاتر . ئەمە شتێکی نایاب و شیاوە کە هەریەکێ لە ئێمە هەوڵ بۆ باشتر بدات ، هەریەکێك لە ئێمە خەون و خولیای خۆی هەیە و هەوڵی بەدیهێنان و پێگەیشتن دەدات ، بەڵام ئایا بەختیاری بە بەدیهێنانی ئەو ئارەزوو و خولیایانە دێنەدی ؟ ئایا پارەو دەوڵەمەندی بەختیاری و ئاسودەیی بۆ مرۆڤ دێنن ؟ تۆ بڵێی واتای ڕاستەقینە بۆ ژیان چی بێت ؟

دۆستێك دەناسم زانکۆی تەواو کرد ، کەسێك بە هەڵپە بوو بۆ ئارەزووەکانی ، ویستی ئایندەی خۆی بنیاد بنێ و خۆی بسەلمێنێ ، ئەوە مافی خۆیەتی ، دەرفەتێکی هاتە پێش کە بچێتە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی لەوێ کار بکات . بێگومان ڕۆیشت بەڵام پاش ماوەیەکی ئەوتۆ بە مردوویی لە تابوتا گەڕایەوە ، گە نجێکی پڕ ئارەزوو بوو بەڵام :

" ڕێگە هەیە بۆ مرۆڤ دێتە پێش و بەڕاستی دەبینێ بەڵام لە دوایییەکەیدا ڕێی مردنە " ( پەندەکان ١٦ : ٢٥ ) تاکە ڕێگە بۆ دۆزینەوەی واتای ژیانی ڕاستەقینە ناسینی ئەفرێنەری ئەم ژیانە و مسۆگەرکردنی ژیانی جاویدانیە ، " چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو دونیای بردەوەو خۆی دۆڕاند " ( لە فەرموودەکانی عیسای مەسیح ) لەم ووتارەدا ڕاستی لەبارەی واتای ڕاستەقینەی ژیانی جاویدانی دەناسیت ( ژیانی دوای مردن ) .

## چوار بنەما یارمەتی دام و یارمەتی تۆش دەدات بۆ ئەوەی لە واتای ڕاستەقینەی ژیان بگەیت ئەگەر بە ووردی و بە بایەخەوە خوێندتەوە :

یەکەم بنەما : خودا خۆشی دەوێی و دەیەوێ لەسەر پەیوەندییەکی خۆشویستن بێت لەگەڵ ئەو ، وە نایەوێت بە ئازارو ئەشکە نجە کۆتاییت بێت لە دۆزەخدا . پەرتووکی پارسا دەفەرمووێ : " خودا خۆشویستنە " ( ١ یۆحەننا ٤ : ٨ ) هەروەها دەفەرمووێ : " ئەو ( مەبەست لە خودایە ) نایەوێت خەڵك ( خۆیان ) لەناوبچن بەڵکو هەرهەموو ڕوو لە تۆبە بکەن " ( ٢ پەترۆس ٣ : ٩ ) . " ( خودا ) دەیەوێ هەموو خەڵك ڕزگاریان ببێت و ڕوو لە زانینی ڕاستی بکەن " ( ١ تیمۆتاوس ) .

خۆشویستن خەسڵەتێك نییە لە خەسڵەتەکانی خودا ، بەڵکو سرووشتی خودایە . خودا هەموو ئادەمیزادێك خۆش دەوێ و لەسەر بنەمای خۆشویستن و پارسایی خۆی مامەڵەمان لەگەڵ دەکات . خودا نایەوێ لە ئاگری دۆزەخدا بفەوتێین و لەوێ ئازار بچێژین . بەڵکو دەیەوێت فریامان بکەوێ و ڕزگارمان بکات ، دەیەوێ ئێمە لە ژیانی جاویدانیدا لەگەڵی بژێینەوە . بەڵام خەڵك بۆ دەچێتە دۆزەخ ؟

# وەڵامەکە لە دووەم بنەمادایە

دووەم بنەما : بەهۆی گوناهێك ( تاوان یان یاخیبوونێك ) كە مرۆڤ دەیكات دەبێتە شایانی ئەوەی كە چارەنووسی لە نێو ئاگری دۆزەخ بێت . ئەوە چونكە " پاداشتی گوناه مردنە " ( ڕۆما ٦ : ٢٣ ) ، " كەسێك كە گوناە دەكات دەمرێ " ( حەزقیال ١٨ : ٤ ) .

ئەوەش داد پەروەرییە ، هەركەسێك خراپە بكات پێویستە سزای لەسەر وەربگرێت . هەركەسێك یاسای دەوڵەتێك بشكێنێ چ بە دزیكردن بێت یان كوشتن یان داوێنپیسی ، سزا دەدرێت لەسەر كردارەكەی بە زیندان بێت یان سێدارە یان هەر شتێكی تر ، ئەوەش ڕاستییە " مرۆڤ چی بچێنێ ئەوە دروێنەدەكات " غەلاتیە ٦ : ٧ ) ، وە ئەگەر ئەوە ڕاست و دروست بێت بە لای یاسای سەر زەوییەوە ، ئاخۆ دەبێ لای یاسای خوداوە چەند بێت . هەركەسێك یاسای خودا پێشێل بكات دەبێ لە لایەن خوداوە سزا بدرێت .

پرس : مرۆڤ چۆن هەڵەی كرد ( گوناه چۆن هاتە نێو جیهانەوە ) ؟ بۆچی ئادەم و حەووا لە بەهەشت دەركران ( ئامادەیی لە بەردەم خودا ) ؟

وەڵام : یاخیبوون ، گوناه ، تاوان .

خودا ئادەم و حەووای لە باشترین شێوەدا درووست كرد ، جوانترین پێكهاتە ، ئەوان پاك و بێگەرد بوون بەڵام سەرپێچییان لە قسەی خودا كرد ، بڕوایان بە قسەی ئیبلیس كرد و گوێیان بە قسەی خودا نەدا . بەهۆی گوناهەكەیانەوە لە توانایاندا نەبوو چیتر لە لای خودای پارسا و بێگەرد بمێننەوە . دادی خودا سزای دەركردنیان دەدا لە بەهەشت ، وە ئەوەش ڕوویدا ، ئادەم و حەووا دەركرانە دەرەوەی بەهەشت و لە خودا دابڕان ، وە هەرچی لە ئادەم و حەووا ببێت گوناهكارە ، خراپە و گوناه دەكات ، هەموو درختێك تۆو لە جۆری خۆی دەدات ، تۆ لە درك ترێت دەست ناكەوێ ، ووشەی خودا ئەوە دەفەرمووێ " هەمووان گوناهیان كرد و پێویستییان بە شكۆی خودا بوو " ( ڕۆما ٣ : ٢٣ ) . ئەوە نیشا نمان دەدات كە هەموومان گوناهبارین . دەشێ یەكێكمان گوناهی كەمتر بێت لەوەی ترمان ، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە كە كەسێك هەبێت هەرگیز گوناهیشی نەكردبێت لە ژیانیدا چونكە " مرۆڤ نییە گوناه نەكات " ( ١ پاشایان ٨ : ٤٦ ) . وە بە بەراورد لەگەڵ گوناهی ئادەم و حەووا لە بەهەشت كە بووە هۆی دەركردنیان لە بەهەشت ، گوناهەكانی ئێمە بەرەو ئاگری دۆزەخمان دەبات بێگومان .

## بەڵام تێگەیشتنی خودا بۆ واتای گوناهە چییە ؟

كەسێك تووشی نەخۆشییەك بوو نیشانەكانی سەرئێشە .. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی .. لەرز .. چەندین نیشانەی تریش جگە لەوان ، كاتێ چووە لای پزیشك و پشكنینی بۆ كرد ، پزیشكەكە بۆی دەركەوت كە تووشی نەخۆشییەكی ترسناك بووە و چارەسەری نییە . بەڵام هەندێ دەرمانی بۆ نووسی تا سەرئێشەكەی بەریدات و پلەی گەرماكەی بێتە خوارێ . ئەگەر ئەو نەخۆشە هەموو ئەو دەرمانانەی پزیشكەكە پێی ووتووە وەرگرێت هەر دەمرێت . هۆی ئەوەش ئەوەیە پزیشكەكە چارەسەرییەكەی ئاڕاستەی نەخۆشییە

ترسناکەکە نەکردووە کە لە جەستەی نەخۆشەکەدایە ، بەڵکو ئەوەی ئەو کردوویەتی تەنها چارەسەری بۆ نیشانەکانی نەخۆشییەکە داوەتێ .

دزی و درۆ و کینە و داوێنپیسی و جوێندان و ڕق و کوشتن ، گوناهەن ، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە تەنها نیشانەکانی نەخۆشییەکی کوشندە و مرێنەرن کە هەموو مرۆڤێك لەدەستی دەناڵێنێ .

گوناه : ئەو نەخۆشییە ترسناکەیە کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە ( ئارەزوویەکی سەرەتایی و سرووشتی بۆماوەیی لە هەستی خۆڕسکاویدا بۆ خرا پە ) وە ئەو گوناهانەی ناویان هات تەنها چەند نیشانەیەکن . کردار نییە بەڵکو هەڵویستە . کرداری خواستی خودی سەربەخۆ لە خودا . سرووشتە گوناهبارەکەی هەموو مرۆڤێك کە لە ئادەم و حەوواوە بۆی ماوەتەوە . شکاندنی ڕاسپاردەی خودا و پێشێلکردنی یاسای خودا . تاوانێکی گەورەیە و سزاکەی فەوتانە لە ئاگری دۆزەخدا ، لەبەر ئەوەی بوو بە هۆی جیابوونەوەی مرۆڤ لە خودا . پەرتووکی پارسا دەفەرمووێ : " تاوانەکانتان بوو بە جیاگەرەوەیەك لە نێوان ئێوە و خوداتان و گوناهەکانتان ڕووی شاردەوە لە ئێوە تا گوێی لێتان نەبێت " ( ئیشایا ٥٩ : ٢ ) . یەکێك لە پێغەمبەرانیش دەفەرمووێ : " ئەوەتا بە تاوان وێنەکرام و بە گوناهە دایکم سکی بە من بوو ، چونکە من سەرپێچییەکانم دەزانم و گوناهەکانم هەمیشە لە بەردەممدان " ( زەبوری ٥١ : ٥ ) .

پوختەی ئەوەی تا ئێستا لەبارەی بابەتی گوناهەوە وتوومانە ئەوەیە کە گوناه کردەوە نییە بەڵکو هەڵویستە خۆی لە دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە خودا دەنوێنێ و سەربەخۆبوونی لەو . ئێمە لە هەر گوناهێك کە دەیکەین یاسای خودا دەشکێنین و پایەبڵندی و مەزنایەتی ئەو بە کەم دەزانین . وە لەسەر ئەو بنچینەیە بۆمان دەردەکەوێ " .. هەمووان گوناهیان کرد و پێویستییان بە شکۆی خودا بوو ، کەس چاکە ناکات کەس تەنانەت یەکێکیش " ( ڕۆما ٣ : ٢٣ ) .

ئێستا دێینە سەر سێهەم بنەما کە چارەسەری ئەم کێشە دژوارەمان بۆ دەکات .

سێهەم بنەما : خودای گەورە و پایەبەرز ووشە و ڕۆحە بە جەستەبووەکەی خۆی بۆ ناردین عیسای مەسیح عیسای کوڕی مەریەم تا ڕزگارمان بکات لە سزای گوناهە و ئازارو ئەشکە نجەی هەتایی . ڕەنگە بەم قسانە ڕازی نەبیت بەڵام هانت دەدەم بەردەوام بە لە خوێندنەوە تا کۆتایی ، تا بزانیت دەمەوێ چی بڵێم . لە هەردوو ڕاستیەکانی پێشوو بۆم باسکردین کە خودا خۆشویستنە و مرۆڤی خۆشدەوێت چونکە لە لوتکەی ئەفراندنی خودایە ، خوداش داد پەروەرە . وە لەبەر ئەوەی سزای گوناهە مردنی هەتاهەتاییە چونکە سزای مردنی لە ئەشکە نجەی هەتاییدا بەسەردا بڕاندۆتەوە لەسەر گوناهەکانی . لێرەدا ئێستا هاوکێشەیەکی گرا نمان هەیە .

خودا خۆشویستنە و ژیانی جاویدانیی بۆ خەڵك دەوێت .

خودا داد پەروەرە و بە پێی دادی ئەویش " سزای گوناهە مردنە " .

تۆ بڵێی خودا چی بکات ؟ ئایا لەبەر ئەوەی مرۆڤی خۆشدەوێت چاو لە گوناهەکانیان و سەرپێچییەکانیان بپۆشێ و لێیان خۆش بێت ؟ هەر لەبەر ئەوەی خودا بەبەزەییە بیانبورێ بەبێ سزا ؟ بەڵام ئەگەر وا بکات بێ ئەوەی گوناهەکان سزا بدات داد پەروەرییەکەی لە کوێدایە ؟ چۆن دەتوانرێ ئاست و قەبارەی دزێوی کوناهە ببینم ئەگەر خودا لە پاشان بیبەخشێ بەبێ بەرامبەر ؟ وە ئەگەر خودا دەیەوێت دادی خۆی بچەسپێنێ کە دەتوانێت ، وە سزای مرۆڤ بدات بە ئازاری هەتاهەتایی لە نێو گڕی

دۆزەخ لەسەر گوناهەکانی کە ئەو مافی خۆیەتی ، ئەی چۆن خۆشویستنی خودا ببـینین و بـزانین کە ئەو کارێك نەکات تا ئەو سزایە لەسەر مرۆڤ هەڵگرێ و لە ئەشکە نجەی ڕزگار بکات ؟ بەڵام خودای داد پەروەر و خۆشویسـت و بـەتوانا و دانا توانی داد و خۆشویستنی خۆی لە یەك کاتدا دەربخات ، ئەوەش لەڕێی کردەوەکانی عیسای مەسیح . بەڵام پێش ئەوەی بزانین عیسا چی کرد با بزانین عیسای مەسیح کێیە و بیناسین .

## عیسای مەسیح کێیە ؟

ئەگەر وویستمان شێرکۆ بێکەس بناسین پەرتووکەکانی دەخوێنینەوە ، ئەگەر ویستمان مەحوی بناسین پەرتووکەکانی ئەویش دەخوێنینەوە ، بۆ ئەوە باشترین ڕێگەش بۆ ناسینی عیسای مەسیح ئەوەیە لە ئینجیلدا لەبـارەی ئەوەوە بخوێنینەوە . ئێسـتا ئەوەی من دەیکەم ئەوەیە ئاماژە بۆ هەندێ بەش لە ئینجیل دەکەم کە باس لە عیسا دەکات و هەوڵ دەدەم بـە ڕێگەیەکی ئاسـان شییان بکەمەوە .

## لەدایکبوونی :

لۆقا ١ : ٢٦ - ٣٢ " لە مانگی شەشـدا خودا جوبـرائیلی فریشـتەی نارد بـۆ شـارێك لە جەلیل ناوی ناصیرە بـوو ، بـۆ لای پاکیزەیەك کە بە دەستگیران کرابوو بۆ پیاوێك لە بنەماڵەی داود بە ناوی یوسف ، پاکیزەکەش ناوی مەریەم بوو . فریشـتەکە چووە ژوورەوە بۆ لای و پێی فەرموو " ئاشتی بۆ تۆ ئەی ئەو کەسەی بە خششت بەسـەردا ڕژاوە ، پەروەردگار لەگەڵتدایە ، لە نێو ئافرەتاندا پیرۆزکراوی " . کاتێ بینی بە قسەکانی شڵەژا و بیری کردەوە کە دەبێ ئەم سڵاوە چی بێت ، فریشتەکە پێی فەرموو " مەریەم مەترسە چونکە تۆ بەخششت لە لای خودا دۆزیوەتەوە ، ئەوتا تۆ سك دەکەیت و کوڕێکت دەبێ و ناوی دەنێی عیسـا ، ئەو مەزن دەبێ و بە ڕۆڵەی خودای بڵند ناو دەبـرێ " . مەریەم بـە فریشـتەکەی فەرموو " ئەوە چۆن دەبـێ کە من پیاو نـاناسـم " فریشتەکە وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو " ڕۆحی پارسا بەسەرت ئاوێتە دەبێ و هێزی سەرەوە سایەی سـەرت دەبـێ . بـۆیە ئەو لەدایکبووە پارسایەی لە تۆیە بە ڕۆڵەی خودا ناودوبرێ " ( لۆقا ١ : ٣٤ : ٣٥ ) .

لەم بەشەوە دەبینین کە عیسای مەسیح بە ڕێگەیەکی جیاواز لە هەموو ئادەمیزاد هات . لەدایکبوونی لەدایکبوونێکی پەرجوویی بوو . لە ئاکامی هاوسەرگیری ژن و پیاوێك لەدایك نەبوو ، بەڵکو لە پاکیزەیەك بوو بەناوی مەریەم ، ڕۆحی خودا بـە مەریەمی پاکیزە گەیشت . ئەو منداڵەش کە لەو بوو عیسای مەسیح بوو . ڕۆڵەی خودا هات لە ڕۆحی خودا بەبێ ئەوەی بـاوکی ئادەمیزادی هەبێت .

## ئینجیل مەبەستی چییە کاتێ دەفەرمووێ عیسا ڕۆڵەی خودایە ؟

ئەم پرسە وەڵامدانەوەی گرانە لە چەند دێرێکدا ، زۆرێك بە خراپ لەم دەستەواژەیە دەگەن " ڕۆڵەی خودا " وا دەزانن کە خودای مەزن و پایەبەرز ژنی هێناوە و کوڕێکی بـووە ناوی ناوە عیسـا ، دوور لە خودا کە کاری وا بـکات ، خودا ڕۆحـە و لەو ئیشـانە ناوەشێتەوە ، هەندێك وا دەزانن مەسیحییەکان خۆیان ئەم بیرۆکەیەیان داهێناوە ، کاتێ لە ڕاسـتیدا پەرتووکی پارسـا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە مەسیح ڕۆڵەی خودایە .

مرۆڤی سنوردار ناتوانێت خودای بێسنوور لەمێشك بگرێت ، لە ڕاستیدا مەسـیح ڕۆڵەی خودایە ، شـتێك نییە دژی لۆژیك بـێت بەڵکو ئەوە شتێکە لەسەرو لۆژیك و لەسەرو زانینی مرۆڤی سنوردارەوەیە . مەبەست لەوە نییە مەسیح " ڕۆڵەی خودا " کە خودای باوك پێش عیسای مەسیحی ڕۆڵە هەبووە ، بە پێچەوانەوە پەرتووکی پارسا دەفەرمووێ عیسای مەسیح لەگەڵ بـاوك هەیە هەر لە ئەزەلەوە . بۆ نموونە لە ئینجیلی ( یۆحەننا ١ : ١ ) " لەسەرەتادا ووشەکە هەبوو ووشەکەش لەلای خودا بوو ووشەکەش خودا بوو " . لەم ئایەتەدا ووشـەی ( الکلمە ) تێبـینی دەکەیت بەشـێوەی نێر هاتووە ( کان الکلمە ) و ( الکلمە کان ) ئەوە چونکە مەبەست لە ( الکلمە ) لێرەدا کەسی عیسای مەسیحە کە هات بۆ جیهانی ئێمە لە شێوەی ڕۆڵەی مرۆڤێك ئەو کاتە بە جەستەیەك تا بێتە نێومان و لە نێومان بمێنێتەوە . " ووشەکە بوو بـە جەسـتە و هاتە نێومان و شـکۆییمان بـینی شـکۆیەك هەروەك لە تاقـانەی بـاوکێك پڕ لە بەخشـش و ڕاسـتی " ( یۆحـەننا ١ : ١٤ ) . ئەمە بـەرەو لای هەندێ نموونەم دەبـات تەنها بـۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نا . بۆ نموونە دەڵێین کە ( هزر کچی مێشکە ) بۆ ڕوونکردنەوە بیرکردنەوەکا نمان بـەرهەمی مێشـکمانە ، هەرگیز ئەوە مەبەست نییە کە مێشك ژنی هێنا و دوایی هزری بوو ، هەروەك دەڵێین ( ووشـە کچی لێوە ) ئەویش ئەوە ناگەیێنێت کە ووشە کچی لێوە ، بۆ نموونە کاتێ دەڵێین لەبارەی دانیشتووی بیابان کە ئەو ڕۆڵەی بیابانە ، مەبەستمان لەو قسـە ئەوەیە کە قسەکردنی قسەی خەڵکی بیابـانەکەی خۆیەتی و داب و نەریتی هەروەك داب و نەریتی خەڵکی بیابـانە . لەگەڵ جیاوازی لێکچواندنەکە ، پەرتووکی پارسا مەبەستی لە مەسیح ڕۆڵەی خودایە ئەوەیە واتە ئەو لای خوداوە بەدەرکەوت و خودی عیساش هەر ئەوەی ووتووە بە قوتابییەکانی لە ئینجیلی ( یۆحەننا ١٦ : ٣٧ ) " باوك خۆی خۆشی دەوێن چونکە ئێوە خۆشتان ویستم و باوەڕتـان بەوە هێنا کە من لەلای خوداوە دەرکەوتووم " . بەڵێ ، عیسای مەسیح ووشەی خودایە کە لەلای خوداوە دەرکەوتووە ، " قەشەنگی شکۆی خودا و وێنەی خودی و هەڵگری هەموو شـتەکان بـە ووشـەی توانای " ( عیبرانیەکان ١ : ٣ ) . " هەرگیز کەس خودای نەبینیوە ، ڕۆڵە تاقـانەکە ئەوەی لەباوەشی باوکدایە ئەو بۆی دەرخستین " ( یۆحەننا ١ : ١٨ ) .

## ژیانی :

ژیانی مرۆڤێك نییە لە سەر شانۆی مێژوودا دەرکەوتبێ گوناهەی تێدا نەبێ ، جگە لە عیسای مەسیح ، کە هیچ شـتێکی نەکرد و لەجێی خۆیدا نەبوایە ، ووشەیەکی نەووتووە لێی پاشگەز بووبێتەوە ، لەبارەیەوە نووسراوە " ئەو کەسەی ستەمی نەکردووە و فێڵی لە دەمدا نەبووە " لە بەرەو ڕووی هەموو جولەکە وەسـتایە وە بەرهەڵسـتکاری کردن فەرمووی : " کێ لە ئێوە سـەرکۆنەم دەکات لەسەر گوناهەیەك ؟ " وە لەبارەیەوە ووتراوە " ئەو کەسەی گوناهەی نەکردووە " .

بەڵێ ئەو تەنها کەس بوو کە یەك گوناهەشی نەکرد بـە درێژایی ژیانی لەبـەر ئەوەی ئەو تاقـە ڕۆڵەی خودایە ، دوژمنان ئەو گەواهییەیان بۆدا پێش دۆستان ، کەس لە خۆی ڕا نەبینیوە تاوانباری بکات بەوەی کە ئەو خرا پەی کردبێت . خرا پە و گوناهەی هیچ تێدا نەبوو چونکە ئەو لە وەچەی ئادەمیزادی گوناهبارەوە نەهاتبـوو بـەڵگو لەلای خوداوە هات و لە ڕێی ڕۆحـی خودا کە ئاوێتە بوو بەسەر مەریەمی پاکیزە .

## فێرکردنەکانی :

" گوێتان لێ بووە کە ووتراوە نزیکی خۆت خۆش بوێ و ڕقت بێ لە دوژمنت ، بـەڵام من پێتان دەڵێم دوژمنەکانتان خۆش بـوێت ، چاکە لەگەڵ ئەوانە بکەن کە ناحەزتانن ، نوێژ بۆ ئەو کەسانە بکەن کە خرا پەتان بەرامبەر دەکەن و قـاوتان دەدەن " . ئەمە یەکێکە لە لەو فێرکردنانەی فێری قوتابـییەکانی کرد ، ناوازەیی ئەو فێرکردنانە دەردەکەوێت کە لەسـەر خۆشویسـتن و لێبوردەیی بنیادنراون لەگەڵ ئەو ڕق و دوژمنکارییانەش .

## پەرجووەکانی :

کێ لە پێغەمبەران پێش مەسیح پەرجووی دەکرد بەهێزی خودا دەیانکرد نەك بە دەسەڵاتێك لە خۆیان . تەنها عیسای مەسیحی پەروەردگار بینایی بۆ کوێر دەگەڕاندەوە و لاڵی بەقسە هێنا و گولی بێگەرد دەکردەوە ، ژیانی بـۆ مردووان دەگەڕاندەوە . هەموو ئەوانەی کردنی بە دەسەڵاتی خۆی بوو بە ووشـەیەك لەو ، تەنانەت ئەوانەی بـڕوایان پێهێنا و پەرجوویان کرد لەدوای ئەو بەناوی ئەوەوە دەیانکرد .

## ڕەفتاری لەگەڵ گوناهباران :

پەرتووکی پارسـا دەفەرمووێ " تەنها خودا خۆی لە گوناهەکان خۆش دەبـێ " بـەڵام لە زۆر ڕووداو عیسـای پەروەردگار لە گوناهەکان خۆش دەبوو . لە ئافرەتێکی گوناهکار خۆش بوو ( لوقا ٧ ) ، بـۆ ئیفلیجبـوویەك ( مارکۆس ٢ ) . زۆر ڕووداوی تر کە لەگەڵ عیسای پەروەردگار ڕوویان دا و دەسەڵاتی ئەوەی تیا دەرکەوت لەبەر ئەوەی ڕۆڵەی خودایە . لێرەوە بـوار نییە باسـیان بکەم بەڵام ئینجیلی پارسا لە نێوان دەستەکانتا دادەنێم تا مەزنترین کەس کە بۆ مرۆڤایەتی وەدەرکەوت ببینی و بناسیت . بـە باوەڕەوە کە چێژ وەردەگریت لە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە مەزنە .

## مردن و هەستانەوەی :

مەسیح لە پێناو ئێمەدا مرد ، ئێمەی گوناهکار، مرد تا گوناهەکانمان بسڕێتەوەو سزامان لەسەر هەلگرێ، مرد بەلام لە ڕۆژی سێهەمدا هەستا . دوای ئەوەی بۆم باسکردیت عیسا کێیە ، ئێستا ئەوەت بۆ باس دەکەم عیسا بۆ هات و چی لە پێناوی ئێمەدا کرد :

## سەرنەکەوتنی مرۆڤ :

وا بێنە بەرچاوت تۆ باوکیت یان دایك . داوات لە منداڵەکانت کردووە لەو میوە نەخۆن کە ئامادەت کردووە بۆ میوانی دانێیت کاتێ هاتن ، بەلام لەدواییدا بۆت دەرکەوت یەکێ لە منداڵەکانت بەشەو چووە دەرگای یەخچاڵەکەی کردۆتەوە و لەو میوەجانەی خواردووە ، چی دەکەیت ، ئایا لە ماڵ دەریدەکەیت لەبەرئەوەی ئەو هەڵەیەی کردووە ؟ بڕوا ناکەم ئەوەی لەگەڵ بکەی ، ئەو ڕۆڵەی تۆیە ، ئەوەی پێشبینی دەکەم کە بیکەیت سزای دەدەی ، بۆ نموونە ، لێی دەدەی یان ڕۆژانەی نادەیتێ ، بەچی دەریکەیت لە ماڵەکە باوەڕ ناکەم ئەوە بکەیت . ئەی هەر ئەوە نەبوو لەگەڵ ئادەم و حەووا ڕوویدا لە بەهەشت ، لەو درەختەیان خوارد کە خودا پێی فەرمووبوون لێی نەخۆن ، بەلام شەیتان فریوی دان و لێیان خوارد . هەریەك لە ئادەم و حەووا سەرکەوتوو نەبوون لە بەجێهێنانی داواکانی خودا ، بۆئەوەی خوداش دادی خۆی بەدی بهێنێ لە بەهەشت دەریکردن .

## بەراوردێکی ساکار :

ئەگەر تەنها گوناهێك کە ئادەم و حەووا کردیان لە بەهەشت ، بوو بە هۆی دەرکردنیان لە بەهەشت لەلایەن خوداوە ، ئاخۆ دەبێ گوناهی ڕۆژانەی مرۆڤ چەند بێت ؟

لەگەڵ ئادەم : یەك گوناه ( ئادەم و حەووا ) .

دەرئەنجام : دەرکردن لە بەهەشت .

وەچەی ئادەم : گوناهی زۆر ( مرۆڤ ) .

دەرئەنجام : سزا و ئەشکەنجەی هەتایی .

ئا ئەمەم ووت لە سەرەتاوە ، کە سزای گوناهە مردنە . بەڵێ مرۆڤ سەرنەکەوت لە ڕازیکردنی خواستەکانی خودا ، بەو هۆیە لە ئاکامی دەستکردی خۆی شایانی مردنە لە نێو ئازاری هەتاییدا ئەویش بەردەوامییە لەو دابڕانەی مرۆڤ لە خودا .

## ئیبڕاهیم و بەرانی قوربانی :

ئایا خودای خۆشویستن مرۆڤی گوناهباری دوورخراوەی بەجێهێشت بۆ خرا پە و گوناهە بێ ئەوەی هیچ چارەسەرێ بۆ گوناهەکانی بدۆزێتەوە ؟ وەلام : نەخێر . لەگەڵ من بەبیر خۆتی بێنەوە کاتێ ئیبڕاهیم خەریك بوو کوڕەکەی بکاتە قوربانی بۆ خودا ، خودا چۆن بەرانێکی لەباتی بۆ نارد تا بیکاتە قوربانی لەباتی کوڕی باوکە ئیبڕاهیم ، تۆ بڵێی چی ڕوویدەدا ئەگەر خودا ئەو

بەرانەی بۆ ئیبراهیم نەناردایە ، بێگومان دەڵێی کوڕەکەی ئیبراهیم دەمرد . کەوابوو بەرانەکە لەباتی گیانی کوڕەکەی باوکمان ئیبراهیم بوو ، ئەمەش ڕاستە ، خودا ویستی بەرانەکە لەباتی کوڕی ئیبراهیم بمرێ .

تۆ لەو باوەڕەدای خودا ئەوەی کرد بەبێ هیچ مەبەستێك ؟ لێم گەڕێ با تەواوی کەم لەگەڵت چی لەسەر گوناهبارە کاتێ تاوانێك یا گوناهەیەك دەکات . پەرتووکی پارسا دەفەرمووێ مرۆڤ خۆی لە خوێنە و بەبێ خوێنڕشتنیش لێخۆشبوونی دەست ناکەوێت چونکە سزای گوناهبار مردن بوو . بەڵام خودا بەهۆی خۆشویستنەکەیەوە داوای لە گوناهبار دەکرد کاتێ ئەوەی سەرپێچییەکی کردبا مەڕێك یان گوێرەکەیەك یان کۆترێك واتە ئاژەڵێك بهێنێ و سەری ببڕێت بۆ کەفارەتی خۆی ، خودا مەبەستی لەوە ئەوە بوو گەلەکەی دزێوی گوناهە ببینن ( داد پەروەری ئەو ) هەمان کات خۆشویستنی خۆی دەربخات کەوا ( قوربانییەکە ) لەباتی کەسە گوناهکارەکە پەسەند دەکات و هەموو مرۆڤێکیش پەی بەوە دەبات کە گوناهەکردن زۆر هەڵەیە و تۆبە دەکات لەسەر کردەوەکەی . بەڵام ئەو کاتە نەهاتووە کە مرۆڤ تێیدا بتوانێت قوربانی بۆ خۆی نەکات ، چونکە بە ئاسانی کاتێك نەبووە مرۆڤ گوناهەی تێدا نەکات ، چونکە لەسەریان چەسپا کە هەموو کاتێك قوربانی پێشکەش بکەن . بەڵام پەرتووکی پارسا دەفەرمووێ : **" ئەگینا بە هیچ جۆرێك خوێنی گا و گوێرەکە گوناهی ئێمە لانابات " ( عیبرانیەکان ١٠ : ٤ )** واتە قوربانیەکان لە گوناهەکان خۆش بن .

## بەڵام بۆچی قوربانیەکان ئاژەڵن ؟

چونکە خودا لە پەیمانی کۆندا ( پێش هاتنی مەسیح ) وویستی چوار بنەمای گرنگ فێری گەلەکەی بکات :

یەکەم : وویستی گوناهە بەبیر و ویژدانی گەلەکەیدا بێنێ تا بزانن خودا چەند ڕقی لێ دەبێتەوە .

دووەم : تا فێر بن کە دادی خودا لەسەر گوناهە مردنە و لەوە کەمتر نییە .

سێهەم : تا فێرەیان بکات ڕێگەیەك لای خوداوە هەیە بۆ بەزەیی هاتنەوە و هەڵگرتنی گوناهە ، بەو ڕێگەیەش دەشێت لە گوناهبار خۆش بێت .

چوارەم : تا هەندێ زانین بداتە گەلەکەی لەبارەی ئەم کارە مەزنە کەفارەتمەندی و لەبارەی ئەو کەسە مەزنەش کە کەفارەتمەندی داناوە ( کەفارەتمەندی لە ووشەی " Cover " ەوە هاتووە و بە واتای داپۆشین دێت ) .

## هات بۆ ئەوەی بمرێت

لەبەردەم خودا ئێمە هەموومان گوناهبار و شەڕانگێزین ، شایانی مردنین لە سزای گوناهەکانمان . بەڵام خودا نەمانداتە دەست ئەو چارەنووسە ترسناکە بەڵکو بەهۆی خۆشویستنەکەیەوە ڕۆڵەکەی خۆی نارد عیسای مەسیح ووشە بەجەستەبووەکەی کە ئەو وێنە نەبینراوەکەیەتی تا لەباتی ئێمە بمرێ و ببێتە قوربانیمان . لە پەرتووکی پارسادا دەفەرمووێ **" ئێوەش دەزانن چۆن کڕانەوە لەو ڕێبازە پووچانەی لەباوك و باو پیرانتان بۆتان مابووەوە ئەو کڕینەش بە شتی لەناوچوو نەبوو وەك زێڕ و زیو**

بەڵکو خوێنێکی گرانبەها هەروەك لەبەرخێکی بێ کەم و کوڕکە خوێنی مەسیحە " ( ١ پەترۆس ١ : ١٨ ١٩ ) .

عیسای مەسیحی پەروەردگار فەرمووی : " هەروەك چۆن ڕۆڵەی مرۆڤ نەهاتووە تا ڕاژە بکرێ ، بەڵکو هاتووە تا ڕاژە بکات و خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی زۆر کەس " ( مەتتا ٢٠ : ٢٨ ) ، لەگەڵم بگەڕێوە و بەبیری خۆتی بهێنەوە کە گوناهبار دەبوایە لەباتی خۆی قوربانییەك پێشکەش بکات تا خۆی بکڕێتەوە ، وە هەموو قوربانییەکان کە لە پەیمانی کۆندا باسکراوە هێمایە بۆ عیسای مەسیحی پەروەردگار کە خۆی کردە قوربانی بۆ خودا تا گوناهەکانمان لەسەر هەڵگرێ و لە هەموو گوناهێك بێگەردمان بکاتەوە .

## بۆچی مەسیح ؟ بۆ کەسێك تر نا ؟

لەوانەیە یەکێکمان بپرسێ بۆچی تەنها مەسیح دەتوانێ بمانکڕێتەوە لە گوناهە ، ڕێگەیەکی تر نییە ؟ کەسێکی تر نییە کە بتوانێت ئەمە بکات ؟ کەس دەناسیت هیچ گوناهێکی نەکردبێ ؟ گوێت لێ بووە یەکێك بانگەشەی ئەوەی کردبێ کە هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە ؟ باوەڕ ناکەم یەکێك هەبێ وەك ئەو کەسە جگە لە عیسای مەسیح ، تەنها ئەو دەتوانێ لەباتی ئێمە بێ ، چونکە ئەو تەنها کەسە هیچ گوناهێکی نەکردبێت . هەر ئەویش تەنها کەسە کە دوو سرووشتی هەڵگرتبێ ، سرووشتی خودایی کە ڕۆڵەی خودای ئەزەلییە ، سرووشتی مرۆیی کە لە مەریەمی پاکیزە لەدایکبوو ، وە بوو بە مرۆڤێك وەك ئێمە . تا وای لێهات بتوانێت مرۆڤی گوناهبار ئاشت بکاتەوە لەگەڵ خودای پارسا ، ئەوەش بە مردنی بوو لەسەر داری خاچەوە .

### چی لەبارەی کردەوەکان ؟ ئایا ناتوانم بە کردەوەکانم خۆم ڕزگار بکەم ؟

لەوانەیە یەکێك لە ئێمە بڵێت من دەتوانم خۆم ڕزگار بکەم لەڕێی ئەنجامدانی کردەوەی چاك کە ببێتە مایەی کەفارەتی ئەو گوناهانەی کردوومە ، واتە چاکەکان خراپەکان دەسڕنەوە ، بەڵام پەرتووکی پارسا دەفەرمووێ : " خودا بە بەخشش بەهۆی باوەڕتان ڕزگاری کردن ، ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵدانی خۆتان نەبوو ، بەڵکو دیاری خودا بوو ، بەهۆی کرداریش نەبوو ، تا کەس شانازی نەکات " ( ئەفەسۆس ٢ : ٨ ، ٩ ) . هەرچەند کردەوەی چاك بکەیت ناتوانیت گوناهەکانت لەبەردەمی خودا بسڕیتەوە ، پاشان سەرچاوەی ئەم کردەوانە چییە ، ئەگەر ووتت مرۆڤی خراپ و گەنیو سەرچاوەی ئەم کردەوانەیە ، کە هەموومان گوناهبارین و دڵمان گەنیوە ، ئەی ئەم کردەوانە چ جۆرێکن ، لەوانەیە لە دەرەوەدا بە چاکە ببینرێن بەڵام بە سرووشتی ڕزیوی مرۆڤ پیس بووە ، خودا تەواو دەزانێ . گوێ بگرە پەرتووکی پارسا لەو بارەیەوە چی دەفەرمووێ : " .. ئەوەی لە دەم دێتە دەر لە دڵێکی بۆگەنەوە سەردەروکێنی ئەوەش مرۆڤ گڵاو دەکات چونکە لەو دڵەوە بیری شەڕانی دێتەدەر ، کوشتن داوێنپیسی یاخیبوون دزی گەواهیدانی درۆ کفر ئەوانەن کە مرۆڤ گڵاو دەکەن " . ئەوەی مەسیح دەیفەرمووێ ئەوەیە کە سەرچاوەی هەموو ئەو کردەوانەی دەیکەین دڵە ، گوناهەش پیس و گەنیوی کردووە لەو دڵەشەوە جگە لە بۆگەنی هیچی تر بەرهەم ناهێنێ

هیچ جارێك هەوڵت داوە سێوێك بدەی بە براكەت یان یەكێ لە هاوڕێكانت ، بەدەستی قوڕاوی یان بەدەست پیسـەوە ، سـێوەكە باك و باشە بەڵام بەهۆی دەستە پیسەكەوە پیس بوو ، مرۆڤیش هەروایە ، چەنێك هەوڵ دەدا كردەوەی چاكە پێشكەش بكات بۆ بەدەستهێنانی ڕازی بوونی خودا ، بەڵام ئەویش پڕە لە پیسی و بۆگەنی و گوناهە .

لەگەڵ من بیر لەم چیرۆكە بـكەرەوە ، بـا وا دابـنێین فلان كەس كە ناوی صالح ە پیاوێكی چاكە كار و كردەوەی بـاش دەكات ، یارمەتی فەقیر و هەژاران دەدات ، ماڵی بۆ هەتیو و پیر و پەككەوتووەكان دەكات ، ناوبانگی بە هەموو وولات بلاو بـووەوە بـە پیاوچاك و بەخشندە . بەڵام ڕۆژێك ئەم پیاوە بەسەر دزییەوە گیرا ، كاتێ لە بەردەمی دادوەر ڕاوەستا بەلای دادوەرەوە سەیر بوو كەوا صالح ئەو كەسەیە تاوانبار كراوە بە دزی ، بیهێنە بیری خۆت ئەم ووتوویژەی خوارەوە :

دادوەر : صالح من هەرگیز بە مێشكمدا نەدەهات تۆ كارێكی وا ناوزڕێن بكەیت تۆ خاوەنی ناوبانگی باشی !

صالح : بە ناچاری كردم . شەیتان فریوی دام و كردم .

دادوەر : كەواتە تۆ دان بە تاوانەكەتدا دەنێیت صالح .

صالح : بەڵێ گەورەم جەنابی دادوەر من دانی پێدادەنێم .

دادوەر : تۆ دەزانی من لەسەرمە كە سزای ساڵێك بەندیت بەسەردا بدەم ؟

صالح : بەڵێ جەنابی دادوەر ، بەڵام ئەی ناتوانیت لێم خۆشبیت لەبەر ئەوەی پەروەندەی پێشووم گەواهی ئەوەم بـۆ دەدەن كە چەندە كاری باشم كردووە ، ئەو كردەوانە ناتوانن یارمەتیدەربن بۆ بەخشینم؟

دادوەر : ئەوە ناتوانم ، چونكە هەركەس یاسا بشكێنێ دەبێ سزا بدرێت ، دەبێ یاسا ڕێچكەی خۆی بگرێ .

صالح : دەرفەتێكی ترم بدەرێ ، لێم خۆشبە دەبینی چۆن بەخشندەیی و كاری چاكەی زیاتر دەكەم .

دادوەر : نا ، تۆ تاوانباریت دەبێ سزا بدرێیت .

لەگەڵم تێدەگەیت برای ئازیزم مەبەستم لەم چیرۆكە ئاسانە چییە . تاوانبار تاوانبارە ، دەبێ سزا بـدرێت ، تەنانەت ئەگەر چەندین و چەندان كاری چاكەی كردبێت ، ئەگەر ئەمە لە دادگای سەر زەوی وەها بێ كە یاسا دەبێ ڕێچكەی خۆی ببـینێ و كاری خۆی بكات ، ئەی كاتێ مرۆڤ لە بەردەم خودا دەوەستێ چۆن دەبێ ؟ تۆ بلێی ئەو كردەوانە چین كە مرۆڤ بتوانێ شانازی پێوە بكات و ئەو لە خودا چاوەڕوان بكات كە دەیباتە ئاسمان لەسەر ئەو كردەوانە ؟ هیچ كردەوەیەك هەرگیز ناتوانێت ڕزگارمان بكات لەو خراپەكاری و تاوانانەی ئێمەی لەسەرین .

یەكێك لە پێغەمبەرەكان دەفەرمووێ : " هەموومان گڵاو بووین ، هەموو كردەوە پاكەكانیشمان وەك كراسی كاتی زایینە " . ئایا دەزانی كراسـی زایین چییە ، ئەو كراسـەیە كە ئافرەت لەكاتی منداڵبـوون لەبـەری دەكات كراسـێكی پیس و قـێزەوەن ، كردەوەكانمان ئاوایە ، كام كردەوە ؟ كردەوە چاكەكانمان ، خودا بەو چاوە تەماشـای كردەوەكانمان دەكات كە پیسـن چونكە سەرچاوەیان دڵێكی بۆگەن و گوناهكارە . ئەگەر میوانێكت هات و قاپێك هێلكە و ڕۆنت بۆ كرد و خستە بەردەمی بەڵام بێئەوەی تۆ تێبـینیت كردبـێ لەكوێ دە هێلكەكە لە ڕۆنت كردوون نەتزانیوە یەك لە هێلكەكان پیسـە ، دەبـێ كاردانەوەی میوانەكەت لەسەر ئەو خواردنە چی بێت ؟ ئایا بە حەزو ئارەزووەوە دە یخوات ؟ گوێ بەو هێلكە پیسە نادات ئەگەرچی هەموو خوارنەكەشـی بۆگەن كردووە و تامی هەمووی ناخۆش كردووە ؟ بڕوا ناكەم ئەو خواردنە بخوات هێلكە پیسەكە هەموو ئەوانەی تریش بـۆگەن كردووە .

ئەگەر هەر پرسیّکت هەبوو یان دەتەویّ خۆقسە لەگەڵ کەسیّك بکەیت
بتوانیّت تیّت بگات و هەموو پرسەکانت وەلام بداتەوە
ئەگەر زانیاری زیاترت ویست یان تۆ لە هەر وولاتیّك بوویت و وویستت
نامەت بۆ بنیّرین
تەنها نامەیەك بنووسە بە پۆستی ئەلیکترۆنی یان پەیوەندی
تەلەفۆنیمان پیّوە بکە تاکو بتوانین زیاتر یارمەتیت بدەین
ژیانی خۆشویستنی جیهانی - کوردستان
laii.org